# من "مستەفای هیجری"م

## سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەرگوزەشتەی ژیانی بۆ ئاوێنە دەگێڕێتەوە

■ ئا: لاپەڕەی کوردستانی

کات: دەمەو ئێوارەیەکی دوا رۆژەکانی هاوینە، شـوێنیش: ژوورێکی سـادەو سـاکاری سـکرتاریەتی حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە لەکۆیە، "مســـتەفای هیجری" کە بەدیوارەکەی ژوور ســەریەوە وێنــەی ســێ سەرکردەی شەهیدکراوی حیزبەکەیان دەدرەوشــێتەوە، دەگەڕێتـــەوە لای دوورترین بیروەرییەکانیو ســەبارەت بەچەند ویستگەیەکی گرنگی ژیانی بۆ ئاوێنە دەدوێت.

### منداڵێکی بێبەریکراو لەبەهەشت

ئەم پیاوە ســەر مــاشو برنجییە، لەرۆژێکی نادیاری ساڵی ١٩٤٥دا "ئەو ساڵەی حیزبی دیموکراتی تیا دامەزرا" لەباوەشــی خێزانێکی جوتیاری شاری نەغەدەدا هاتە دنیــاوە، خێزانێک کە لەدوو کچو دایکو بابێکی نەخوێندەوار پێکدەهات، هەرچەندە ئەو کوڕە تاقانەی ماڵیش بوو، بــەڵام وەک خۆی دەڵێت "لەمنداڵیما نەمتوانی بەکامی دڵی خۆم بژیم، وەک زۆرێک لەمندالانی ولاتەکەم لەبەهەشـــتی منداڵێتی بێبەریی بووم، خێزانەکەم ئاســـتی ژیانی مام ناوەندی بوو، داخوازو ویســـتی من زۆر بوونو ئەوانیش بۆیان جێبەجێنەدەکرا".

### گەنجێکی بێ ئینتیما

هیجری لەتەمەنی شـــانزە ساڵیدا بۆ خوێندنی "دانشســـەرای کیشاوەرزی" دەچێتـــە ورمێو بـــەدوای ئەوەشـــدا لەناوچەی سەقز بەکاری مامۆستاییەوە خەریک دەبێت. رەنگە تا هەڵگیرسانی شۆڕشـــی ئێران رووداوێکی هەژێنەری ئەوتـــۆ لەژیانـــی گەنجێتـــی ئـــەودا شـــک نەبەیـــن شـــایەنی گێڕانـــەوە بێـــت، هەرچەندە وەک خـــۆی دەڵێت "لەبەرئەوەی مامۆستایەکی ناڕازی بوو هەمیشە چاوی ساواکی لەسەر بووە"، بەڵام ئەو نەئازاری زیندانی چەشـــتو نەخەمو ژانی دەربەدەری.

بەڵام سێ شت لەم قۆناغەی ژیانیدا جێـــی هەڵوەســـتە لەســـەر کردنـــن: یەکەمیان، بەحوکمی پێکهاتەی شاری نەغـــەدە کـــە تێکەڵەیەکـــە لەکوردو تورکی ئـــازەری، وەک خـــۆی دەڵێت "هەســـتی کوردبوونی زیاتر تیا بەهێز بووە کە جیـــاکاری نێوانیانی لەلایەن دامودەزگاکانـــی حکومەتەوە بینیوە". دووەمیان، کوشتنی مەلائاوارەوسلێمانی موعینیو هاوڕێکانیان لەکۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا، ئەو رووداوە گرنگە دەبێت کە لـــەو رۆژگارەدا کاریگەرییەکی گەورەو ناخۆش لەسەر ژیانی دادەنێت، هیجری دەڵێت "دوای ئەوەی ئەو تێکۆشەرانە ئیعدام کـــران، تەرمەکانیـــان بەدوای ئۆتومبێلدا بەشـــارەکانی کوردستاندا رادەکێشـــرانو دەگێڕان. ئەمە وایکرد بۆچوونـــی سیاســـیو بیرکردنـــەوەو بەشـــدار بوون لەخەباتو تێکۆشـــان لەدڵی منـــدا زیاتر چەکـــەرە بکات".

سێهەمیشیان، ئەو دەمەیە کە لەساڵی ١٩٦٩دا بۆ خوێندنی رشـــتەی ئەدەبو زمانی فارســـی دەچێتە زانکۆی تاران، ئەو ساڵو رۆژانە کە ئەدەبیاتی چەپی حیزبی تودە باڵی بەسەر فەزای فکری روناکبیرانی ئێراندا کێشا بوو، کەم تا زۆر کاریگەری لەســـەر ئەمیش دەبێت بەڵام بێ ئـــەوەی ئینتیمـــای بۆ هیچ حیزبو رێکخراوێکی دیاریکراو هەبێت، هیجری دەڵێت "ئەم بۆچوونو ئینتیمایە شتێکی گشتی بوو، بەتایبەتی ئەوکات رۆژگاری خەفەقـــانو ســـەرکوت بوو، ئەوەی زۆرتر دەجوڵایـــەوەو ناوبانگی هەبوو حیزبی تودە بوو".

### ناسینی پیاوێک
### هەموو رەوتی ژیانی گۆڕی

بـــەدوای تەواوکردنـــی خوێندنـــی زانکـــۆدا، هیجـــری دەگەڕێتـــەوە بۆ نەغـــەدەو دەبێتـــەوە بەمامۆســـتا تا وادەی هەڵگیرســـانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی رژێمی شـــا. ئەم شۆڕشە ســـەرەتای تێکەڵ بوونی راستەقینەی ئەم پیـــاوە دەبێت بەسیاســـەت، ئەو دەڵێت "من یەکێـــک لەڕێکخەرانی زۆر ناسراوی خۆپیشـــاندانەکانی دژی شا بووم لەشـــارەکەی خۆمـــدا، ئەمەش بووە هۆی ناسینو خۆشەویست بوونی مـــن لەنێـــو خەڵکدا، تەنانـــەت لەنێو خەڵکی تورکیشـــدا، چونکە بەشـــێک لەقوتابیەکانم تورک بوون".

لەمەش گرنگتر، یان راســـتتر بڵێین رەنگە گرنگترین رووداولەسەرگوزەشتەی ژیانی هیجریدا ناسینی ئەو پیاوە ژیرە بێت کـــە هەموو رەوتـــی ژیانی ئەمی بەجارێـــک گـــۆڕی، ئەویـــش "دکتۆر عەبدولرەحمانی قاســـملو"ە. ئەودەمە قاســـملو تازە گەڕابۆوە کوردســـتان، زۆر پەرۆشـــی ئەوە بوو ســـەرلەنوێ حیزبی دیموکـــرات رێکخاتـــەوە، لەم کارەشدا دەیویست پشت بەگەنجەکان ببەستێت، بەتایبەتی کە ئەوکات لەنێو حیزبدا لەگەڵ بەشێک لەکادێرە دێرینو بەســـاڵاچووەکانی حیزبەکەیـــدا ناتەبا بوو، لەئاســـتی کوردستانیشدا کۆمەڵە وەک رکەبەری ئـــەو حیزبە پێینابووە گۆڕەپانـــی خەباتـــەوەو زۆربەی هەرە زۆری هەڵسوڕاوەکانیشی گەنج بوون.

هیجری دەڵێت "ئەوکات من سەرۆکی ئەنجومەنـــی کوردەکانی نەغەدە بووم، دکتـــۆر قاســـملو داوای کـــرد بیبینم، بـــۆ یەکەمجار ئەوم لەگوندی "کۆســـە کەرێـــزە"ی نزیـــک مەهابـــاد بینی کە ماڵەکەی لەوێ بـــوو، چاوپێکەوتنێکی یـــەک کاتژمێریی دوو بـــەدووم لەگەڵ بوو، لێرەوە ئاشـــنایەتیم لەگەڵ دکتۆر قاسملو دەستپێکرد".

هیجـــری تا ئەو کاتـــەش پەیوەندی بەحیزبـــی دیموکراتەوە نەبـــووە، کە ســـاتەوەختی بـــۆ یەکەمجـــار بـــوون بەئەندامـــی ئـــەم حیزبـــەی ئێســـتا ســـکرتێریەتی دەگێڕێتـــەوە، دەڵێت "کاتێـــک کۆنگرەی چوارەم لەســـاڵی ١٩٨٠دا گیرا، وەکـــو میوانێک لەلایەن د.قاســـملووەوە بانگ کرام نەک وەک ئەندامێک، قسەو باســـەکانی کۆنگرە بـــۆ من تـــازە بـــوون بـــەڵام زۆریش ســـەرنجڕاکێش نەبـــوون، لەکۆتایـــی کۆنگرەدا دەرگای خۆ کاندیدا کردن بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی کرایەوە. مـــن کـــە وەک میـــوان لێمدەڕوانـــی، د.قاسملو تەشـــریفی هێناو وتی: برۆ خـــۆت کاندیدا بکە. پێموت: ئەســـڵەن مـــن ئەندام نیم، ئیجـــازە بفەرموو کە من لەپاڵ حیزب بمێنەوە تا وەختێکی دیکـــە بڕیار دەدەم. بەڵام د.قاســـملو زۆری ئیسرار کرد، لەڕاستیدا زۆر لەبەر رووبینی د.قاســـملو لـــەڕوودا دامام، چووم خۆم ناســـاندو چونکە کەسێکی ناســـراویش بووم دەنگـــم هێناو بووم بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لەڕاستیدا ئەندامێتـــی حیزبو دەســـتبەکاربونم بـــۆ کاروبـــاری حیزبایەتی لـــەو رۆژو ساتەوەختەوە دەستپێدەکات".

بەدوای ئەوەشـــدا هـــەر زوو هیجری چەندین پۆســـتی بـــاڵای حیزبی وەک ئەندامی دەفتـــەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیســـیۆنی سیاســـی نیزامی حیزبی دیموکراتی پێدەسپێردرێت، پێسپاردنی ئەم پۆستانەش دەگەڕێنێتەوە بۆ جدی بوونـــی خۆیو دەڵێت "مـــن لەوەتەی فامـــم کردووەتەوە ئینســـانێکی جدی بـــووم، کاتێک کە قوتابـــی بووم زۆر بەجدی دەرســـم دەخوێند، کاتێک کە بووشم بەمامۆســـتا مامۆستایەکی زۆر جدی بـــووم، لەژیانمدا هـــەر ئەرکێکم کە خراوەتە ئەســـتۆ بەجدی بەڕێوەم بـــردووە، وەختێ کە هاتمە نێو حیزبی دیموکراتەوە وەک کادێرێکی رابەرایەتی بڕیـــاڕی حیزبەکـــەم چی بـــووە، زۆر بەجـــدی بەڕێـــوەم بـــردووە، چونکە باوەڕێکی تەواوم بەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە".

### شەڕی ئێمەو ئەوان

بەدوای روخانی رژێمی پاشـــایەتیدا روبەرێکی فراوانی کوردســـتانـــی ئێران کەوتە دەســـت هێزی پێشمەرگـــەوە، لـــەم قۆنـــاغـــە هەســـتیارەدا پێشمـــەرگەکانی کۆمەڵەو دیموکرات زۆری نـــەخایاند ســـەنگەریان لەیەک گـــرت، هیجری وێـــڕای ئـــەوەی ئەو شـــەڕە بـــەزیانی جوڵانەوەی کورد ناودەبـــات، بەڵام دەڵێت "بەبێ ئەوەی دەمارگرژیـــم هەبێـــت بـــۆ حیزبی دیموکـــرات، ئـــەو شـــەڕە لەلایەن ئەوانەوە بەسەر ئێمـــەدا داسەپا، ئەو سەردەمە کە ئەو شـــەڕە دەستیپێکرد کۆمەڵـــە پاگەندەی بۆ ئـــەوە دەکرد دیموکرات لەکۆماری ئـــیسلامی ئێران خراپترە، بۆیە سیـــاســـەتی کۆمەڵە لاوازکردنـــی حیزبـــی دیموکـــرات بوو بەهەر شێوەیەک کـــە بۆی دەکرا، تا توانی لەباری راگەیاندنـــەوە کردی، تا گەیشـــت بەو قۆناغـــەی شەڕی لێساز بـــوو، لاوازکردنی حیزبـــی دیموکرات ببـــوو بەیەکێـــک لەئـــەرکو ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵە".

### کارەسات

لەکۆتایی هەشـــتاکانو ســـەرەتای نەوەدەکانـــی ســـەدەی رابـــردوودا، وەرچەرخانێکـــی هەژێنـــەر لەمێژووی حیزبـــی دیموکراتـــدا روودەدات. لەپیلانێکی دۆزەخیدا کۆماری ئیسلامی لەدوو کاتی جیاوازو نزیک بەیەکدا دوو کاریزماو دوو رێکخەری گەورەی حیزبی دیموکـــرات تیـــرۆر دەکـــەن، بەمەش بۆشـــاییەکی گـــەورە لەپانتایی کاری رێکخستنو رایەڵی پەیوەندییەکانی ئەو حیزبەدا دروست دەبێت.

هیجری وێڕای ئـــەوەی پێیوایە کە قەرەبووکردنـــەوی ئـــەو زیانە گەورەو گرانـــەش زەحمەتـــە کـــە لەئەنجامی ئـــەو تیرۆرکردنەدا بـــەر حیزبەکەیان کـــەوت، بـــەڵام دەڵێت "تـــۆ دایبنێ دکتـــۆر قاســـملو شـــەهید نەبوایـــە، خۆ ســـەرەنجام رۆژێـــک وەک هەموو ئینســـانێک دەمرد، ئەوە سیاسەتێکە دوژمنانی میللەتی کورد هەموویان ئەو کارە دەکەن، لەهەر جێیەکی دوژمنانی ئێمە بۆیـــان هەڵکەوتبێت لەســـەری شۆڕشـــەکەیان داوە، عەقڵیەتیـــان وا بووە کە سەرکردەی ئەو شۆڕشە کوژرا ئیتر ئەو شۆڕشـــە نســـکۆ دەهێنێت، لەحاڵێکدا ئـــەوە لەهەموو جێگەیەکدا پێچەوانەکەی ســـەلماوە، راستە دکتۆر قاســـملو رێبەرێکـــی زۆر پایەبەرز بوو نەک هەر لەنێو حیزبی یموکراتدا بەڵکو لەنێو هەموو جوڵانەوەی کورددا، بەڵام کەسایەتییەکی وا گەورەش کە شەهید دەبێت شۆڕشی کورد دوچاری شکست نابێـــت، چونکە تا ئەو کاتەی ســـتەم لەســـەر کورد هەیـــە، بەربەرەکانێش هەیە".

### سکرتێریو دووکەرتبوون

بەدوای تیرۆرکردنی د.شەرەفکەندیدا، هیجـــری دەبێتـــە ســـکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران، بەڵام لەکۆنگـــرەی ١٠ی ئـــەم حیزبـــەدا کە لـــە١٩٩٥دا دەبەســـترێت. مامۆســـتا عەبدوڵای حەســـەن زادە بەســـکرتێر هەڵدەبژێردرێـــتو ئەمیـــش دەبێتـــە جێگری. پاشان ساڵی ٢٠٠٤ لەکۆنگرەی ســـیانزەهەمدا جارێکیتـــر هیجـــری بەسکرتێر هەڵدەبژێردرێتەوە. بەڵام زۆر ناخایەنێت بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی حیزب جیادەبنەوە. هیجری ســـەبارەت بـــەم جیابوونەوەیـــە دەڵێـــت "زۆرم هەوڵدا ئەو کەرتبوونە جێبەجێنەبێت، پێمناخۆش بوو، زۆریش پێشـــنیارمان کرد کە تا کۆنگرەی داهاتوو ئیشەکانمان بەرینەپێش، بۆ ئـــەوەی کۆنگرە بڕیار بدات، بەڵام نەکـــرا"، ئەو پێی وا نییە بەشێک لەبەرپرسیارێتی ئەو کەرتبوونە بکەوێتە ئەستۆیو دەڵێت "من شتێک لەخۆمدا نابینم کە بووبێتە باعیســـی ئەوەی ئەو حیزبە کەرتببێت، تەنانەت دوای جودابوونەوەش کە دانیشتمان بوو لەسەرۆکایەتی هەرێم باسمان کردووە، بەنووسین نامەم نووسیوە هەم بۆ کاک مەسعودو هەم بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی نیشتمانی، نووسیومە ئێمە ئامادەیـــن بەڕاگەیاندنێـــک یەکبگرینـــەوە، ئـــەو بـــڕادەرانە کە جودا بوونەتەوە هـــەر یەکەو بێتەوە ســـەر ئیشـــی خـــۆی لەکۆمـــیتەی ناوەنـــدیو مەکتەبـــی سیاســـی، بـــەپێـــی ئـــەو قانـــونو بڕیارانـــەی کە لەســـەردەمی زۆرایەتی ئەوانـــدا دراوە، کـــۆنـــفرانســـەکانی حیزبـــــی بگریـــنو کۆنگـــــرەش پێشـــبخەینو چـــاودێریـــش بێنیـــن چاودێـــری بـــکاو کـــۆنگرەکـــە هەر بڕیـــارێکـــی دا بەڕێوەی بەرین، واتـــە مـــن تـــا ئەو ئەندازەیە ئامادە بووم کە ئەو جـــودا بوونەوەیە نەبێت".

### هیجریو کۆنگرەی داهاتووی حیزب

ســـکرتێری حیزبـــی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران "مســـتەفای هیجـــری" لەکاتێکدا کە ئامـــاژە بەوە دەکات "زمانـــی کـــوردیو فارســـیو تورکی ئـــازەریو ئینگلیزی" دەزانێتو ئەمساڵ پێدەنێتە شەستو سێ ساڵی تەمەنییـــەوەو خاوەنی چـــوار منداڵە "دوو کـــوڕو دوو کـــچ" کە ســـیانیان ئێســـتا پەنابـــەرن لەوڵاتـــی نەرویج، لەوەڵامی ئەم پرســـیارەی ئاوێنەدا ئایا بەنیازیت لەکۆنگرەی داهاتووی حیزبدا خۆت کاندید بکەیتەوە بۆ ســـکرتێری؟ پاش کەمێـــک رامان، دەڵێـــت "ئەوە بەستراوەتەوە بەهەلومەرجی کۆنگرەو بەرنامەی کاری کۆنگرەوە، لەئێستاوە پیـــاو بڕیار بـــدات هێشـــتا زووە، من بەشبەحاڵی خۆم پێمخۆشە ئەوە بڵێم پێموایە بۆ من بەرپرسیارییەتی حیزبی زۆرم وەرگرتووە لەحیزبداو هەمووشی لەبەرپرســـیارییەتی زۆر ســـەرەوەدا بووەو ئیشومانـــدوو بوونێکی یەکجار زۆرم بووە، ئارەزووم ئەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران رێبەری دیکەو ســـکرتێری دیکـــە هەڵبژێرێت، نەک بۆ خـــۆم، بەڵکو بـــۆ کۆمیتەی ناوەندیش لەهەوڵی ئـــەوەدام کە نوێ بینـــەوە، بۆ ئـــەوەی زۆرترین کادێری رابەرایەتی حیـــزب لەگەنجان بێت، جا ئەگەر لەدەرفەتێکدا بـــۆم هەڵکەوێو بەزەرەری حیزبەکەم نەبێ بۆخۆشـــم لەسکرتێری بکشێمەوەو یەکێکی دیکە ببێتە سکرتێر، ئەوە دەمێنێتەوە سەر وەزعی کۆنگرەو پێکهاتەی رێبەرایەتی حیزب".



# ٢٠ کورد خۆیان بۆ هەڵبژارنی شارەوانییەکانی نەرویج کاندید کردووە



سەمەد ئەحمەد (پارتی کرێکاران)



نیگار عینایەتی. (پارتی سوور)



باقی تالیبولعیلم (سۆسیالیستی چەپ)



هاوژین بەرزنجی (پارتی کرێکاران)



بێکەس بەرواری (سۆسیالیستی چەپ)



شیلان عەبدولغەنی (سۆسیالیستی چەپ)

■ ئاوێنە. نەرویج

**پارتـــی کرێکارانـــی نەرویـــج (پارتی دەسەڵاتدار):** چاوەڕوان دەکرێت وەزیری دەرەوەی نەرویج کارەساتەکانی ئەنفالو هەڵەبجـــە وەک کۆمەڵکوژی بە فەرمی بناسێنێت.

**پارتـــی چەپـــی سۆسیالیســـت:** کاردەکەیـــەن تا کورد لە ئێران هەرێمی فیدراڵی خۆی هەبێت.

**پارتـــی ســـوور:** پێویســـتە کـــورد لەپارچەکانـــی کوردســـتان بڕیـــاری چارەنووسی خۆیان بدەن.

**پارتـــی ســـەوز:** گرنگە ئەنفـــال لە بەرنامەدا بێت.

لە کۆبوونەوەیەکدا رۆژی ٢٨ ئاب لە شـــاری ئۆسلۆ بەشـــێک لەو کوردانەی کاندیـــدی هەڵبژاردنەکانی شـــارەوانی نەرویجـــن، بـــە بەشـــداربوونی چەند بەرپرسی پارتە سیاســـیەکانی نەرویج کۆبوونـــەوەی خۆناســـاندنو کورتەی بەرنامەی پارتەکان بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا بێجگە لە شـــەش کاندیدی کورد، جێگری سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی چەپو سکرتێری سەرۆک وەزیرانی نەرویج

(بـــۆرد ڤێگار ســـۆلهەیم)، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئۆسلۆو نوسەری کتێبی کوردستان (ئارلینگ فۆلکڤۆرد) لە لیســـتی پارتی ســـوور، سکرتێری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی گەنجانی پارتـــی کرێکارانی نەرویج (ســـیلیە)و نوێنـــەری پارتی ســـەوز (تـــۆر لەیف یۆهانسەن) هەریەک بە کورتی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانیـــان پێشـــکەش کرد کە زیاتر لە ســـەر تەوەرەکانی: دەرفەتی یەکســـان بۆهەموان، ژینگە، هاتوچۆ، باخچەی منداڵان، یانەی پیرانو چەندین پرســـی تایبەت بە کۆمەڵگەی نەرویجی وەستابوون.

لە وەڵامی پرسیاری ئاوێنە دەربارەی دەزگەی ژمێریاری نەرویج کە کوردەکانی دانیشـــتووی نەرویـــج وەک عێراقـــی، تورکی، ئێرانیو سوری ناونوسدەکات، جێگری ســـەرۆکی پارتی سۆسیالیستی چەپ و سکرتێری سەرۆکوەزیران وتی: هەوڵ ئەدەین کوردەکان دووجار ناونوس بکرێن، بۆ نموونە کاتێک دەنوســـرێت تورکیا هەمانـــکات بنوســـرێت کورد. هەربۆ ئاوێنە جێگری سەرۆکی سۆسیال چەپ لە وەڵامی پرســـیارێکیتردا وتی: پاراســـتنی کورد لە هەرکۆمەڵکوژیەگ کاری هەنوکەیی ئێمەیە، لەداهاتوشـــدا کاردەکەین تا کوردەکان هەرێمی خۆیان بەڕیوەببەن بۆ نمونـــە لە ئێران. بەڵام ئەندامی ئەنجومەنی شـــارەوانی ئۆسلۆ دۆســـتی کورد (ئارلینگ فۆلکڤۆرد) لە پارتی ســـوور بە ئاشـــکرا داوای کرد کورد مافی هەبێت بڕیاری چارەنووسی خـــۆی بـــدات. هەروەها داوایکـــرد کە حکومەتـــی نەرویجـــی بـــە فەرمیو بە ئـــاشـــکرا ئەنفـــالو هەڵەبجـــە وەک تاوانـــی کۆمەڵکوژی بناسێنێت.

هەڵبژارنی شـــارەوانییەکانی نەرویج چوارســـاڵ جارێـــــک بەڕێوەدەچێت. بڕیـــارە لـــە ١٠ ســـێپـــتەمبەردا هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدرێت.

ژمـــارەی کـــاندیـــدە کـــوردەکان بۆ هەڵبژاردنەکانـــی ئەمســـاڵ لە نەرویج زیاتر لە بیســـت کورد دەبـــن، لەگەڵ ئـــەوەی زۆربەی ئـــەم کاندیدکراوانە لە ناوەڕاســـتو خوارەوەی لیســـتی پارتە سیاســـیەکـــانی نەرویجـــدان، بەڵام هەڵبژاردنەکـــانی شارەوانی ئەمساڵ ئەو ئاماژەیە دەدات کە کورد هێدی هێدی دەخوازێت بەشـــێک لە جێگەو ڕێگەی ئیداریو سیاسی بە پلەی جۆراوجۆر لە وڵاتی نەرویج بگرێتەدەست.

جێـــگـــەی باســـە کـــە بەشـــی هـــەرەزۆری کـــاندیدە کـــوردەکان هێنـــراوو پشـــتـــیوانلێکراوی حیزبـــە کوردیەکانن. پێ دەچـــێت هەر حیزبە لەڕێگەی ئەندامانو لایەنگرانی خۆیەوە پشـــتیوانی لـــە کاندیدەکـــەی خۆی بکات، بۆیە لـــە نەبوونی هاوڕاییەکـــی بەهێز لەسەر چەند کاندیدی دیـــارکراو، چـــــاوەڕوان دەکرێـــت زۆربـــــەی کاندیدکـــــراوەکان کەمتر دەرفەتـــی چـــوونەســـەرەوەی لیســـتەکانی هەڵبـــژاردنـــیان هەبـــێت.